
# عەتا محەمەد "تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان" بڵاودەکاتەوە




**ئاشتی سدیق**

**لەم ماوەیەی پێشوودا چیرۆکنووس عەتا محەمەد کۆمەڵە چیرۆکی "تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان" بڵاوکردەوە کە کۆمەڵە چیرۆکێکە ئەزموونێکی جیاواز و نوێی عەتا محەمەدە و گێڕانەوە تێیدا بە شێوازێکی نوێ خۆی نمایش دەکات و خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بەرەو دنیایەکی ئەفسوناوی دەبات. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە (10) چیرۆك پێکهاتووە و هەموو چیرۆکەکان یەك ناونیشانیان هەیە و لە رووخساردا تەنها بە ژمارەکان دەتوانین لێکیان جیا بکەینەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەچیرۆکی جیاواز و دە بەسەرهاتی جودا دەگێڕنەوە.ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بەختیار عەلی پێشەکییەکی درێژی بۆ نووسیوە و لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنجە.**